بۆکان لە مێژوودا (٢)                    ئەنوەر سوڵتانی

## کتێبی سەوز

لە بەشی یەکەمی ئەم زنجیرە وتارەدا، باس لە هەڵوێستی کوردپەروەرانەی محەمەد حوسێن خانی سەردارموکری، سێهەم سەرداری بۆکان کراو و گوترا کە ناوبراو سەرەڕای دڵسۆزی نواندن و خەمخۆری بە نیسبەت گەلی کوردەوە، لە سەرچاوەکان و بۆ نموونە لە "کتێبی سەوز" دا، وەک ئێرانیچی و لایەنگری عەجەمان لەقەڵەم دراوە. لە کاتێکدا بەڵگەنامەی ژمارە یەکی ئەم وتارانە دەری خست کە ئەو بۆچوونە راست نییە.

من بۆ ئەوەی کاری بەراوەردکاریی سەرچاوەکان بۆ خوێنەر هاسان بکەمەوە دەقی وتارێک لێرەدا دەهێنمەوە کە ١٣ ساڵ پێش ئێستا سەبارەت بە "کتێبی سەوز" م نووسیوە و لە ژمارە ١٥ی گۆڤاری پەیڤ، چاپی مەڵبەندی رۆشنبیری کورد لە لەندەن(فیبرەوەری ١٩٩٢) دا بڵاو بۆتەوە. بەشی سەرەکی وتارەکە لە پێوەندی کووژرانی سەردار، بە دەست عوسمانییەکاندایە، بەڵام چەند بەڵگەنامەیەکی دیکەش لە گەڵە، کە بۆ روونکردنەوەی بارودۆخی سیاسی ئەو ساڵانەی ئێران ناوچەی موکریان بە کەڵکن .

پێویستە بگوترێ شێوازی نووسین و تەنانەت رێبازی فیکری ئەودەمەم لە گەڵ ئێستادا هەندێ جیاوازی هەیە، بەڵام وتارەکەم وەک بەڵگەیەکی مێژوویی سەیر کرد و وەک خۆیم هێشتەوە .

ژمارەی لاپەڕەکان، ژمارەی لاپەڕەکانی گۆڤاری مەڵبەندن .

## «کتێبی سەوز»

## وەک سەرچاوەیەک بۆ مێژووی کورد

ئەنوەر سوڵتانی

«وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران» لە ساڵانی دوایی حکومەتی «قاجار» (١) دا ژمارەیەک بەڵگەنامەی لە دوو بەرگی جیاواز بڵاوکردەوە ناوی «کتێبی سەوز»ی (٢) لە سەر دانان. ماوەیەک دواتر ناوەرۆکی هەر دوو بەرگی کتێبی سەوز لە لایەن هەمان وەزارەتخانەوە وەرگێڕدرایە سەر زمانی فەڕەنسی و لە ساڵی ١٩١٩ی زایینی دا بڵاوکرایەوە.

هۆی چاپ و بڵاو کردنەوەی بەڵگەنامەکان، پێشکەش کردنیان بوو بە «کۆنگرەی ئاشتی»، ئەو کۆنگرەیەی پاش بڕانەوەی شەڕی یەکەمی جیهانی و تێک شکانی ئاڵمان و هاوپەیمانەکانی لە پاریس بەستراو ژمارەیەک پەیمان و قەراری بەسەر بەرەی «هێزە مەرکەزیەکان»دا فەرز کرد (٣).

ئەمە یەکەم جارو دوا جاریش بوو کە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران سەنەدو بەڵگەنامەی ناو دام و دەزگاکانی خۆی بڵاو کردەوە. ئەم کارە تەنانەت لە سەردەمی شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٨٠ی ئێرانیش دا دووپات نەکرایەوە دەوڵەتی موهەندیس بازرگان و جێ نشینەکانی هیچ کام لەو پەیمانە عەسکەری و نەوتی و سیاسی یانەیان ئاشکرا نەکرد کە ڕژێمی هەڵوەشاوەی «پەهلەوی» لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپاو ئەمریکادا بەستبووی.

گرینگی کتێبی سەوز لەوە دایە کە ماوەیەکی شەش مانگەی لە سەرەتای شەڕی یەکەمی جیهانی [ئەوەی لە کوردستان بە عروسی یەکەم دەناسرێ] گرتۆتە بەر- ئەو ماوەیەی وا سنوورەکانی ئێران لە چوار لاوە کەوتبوونە بەر هێرشی راستەو خۆی دوو بەرەی شەڕکەر و هەموو ئێران بوو بووە گۆڕەپانێک بۆ زۆرانبازی هەر دوو لا- ئەو دوو لایەنی شەڕەی کە هەر کامیان لە وێرانی ماڵ و کوشتاری خەڵکی بێ تاوانا گرەویان لەوی تر ئەبردەوە. خۆ دیارە بەشێکی گرینگی ئەو لێکدان و

بەیەکدا هەڵپرژانەش لە سەر سنووری ئێران و عوسمـانی رووی ئەدا کە هەر دوو دیوی سنوورەکە خاکی کوردانە.

کتێبی سەوز، یەکەم جار لە دوو بەرگی جیاوازدا بە فارسی بڵاوکرایەوە :

١) بەرگی یەکەم بە ١٣٩ لاپەڕەو سەرجەم ٣١٦ بەڵگەنامەوە (٤)

٢) بەرگی دووەم بە ٧٥ لاپەڕەو ١٠٠ بەڵگەنامەوە، وەک «تەواوکەرەی بەرگی یەکەم (٥).

ئەو دوو بەرگە رووداوەکانی شەڕی یەکەم لە شەش مانگی یەکەمی دەست پێ کردنی شەڕ لە خاکی ئێران [١٢ ذیلقـەعدەی ١٣٣٢/٥ ئۆکتۆبەری ١٩١٤ تا جەمادی الاولی ی سالی ١٣٣٣/ مارسی ١٩١٥] لە روانگەی دەوڵەتی ئێرانەوە دەخەنە روو. هەر دوو بەرگی کتێبەکە لەم ساڵانەی دوایی دا واتە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی ١٩٨٤ی زایینی لە یەک بەرگدا، بە سەرەتایەکی هەشت لاپەڕەییەوە لە لایەن « رضا قلی نظام مافی »ەوە سەر لە نوێ چاپ کرایەوە (٦). ئەم وتارە لەسەر چاپەکەی «نظام مافی» نووسراوە. سەرجەمی ٤١٦ بەڵگەنامەی ناو کتێبی سەوزی لە باری ناوەرۆکەوە ئەم بابەتانەیان گرتۆتە بەر :

١) نامەو تێلگرافی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران بۆ دایرە میری یەکانی ناوخۆ یا هەواڵ و راپۆرتی دایرەکان بۆ تاران.

٢) نامەی وەزارەت بۆ بالوێزخانەی ئێران لە وولاتانی دەرەوە [ئەستەموڵ و لەندەن و ...] یا نامەی ئەوان بۆ تاران.

٣) ئەو نامانەی لە نێوان ئێران و وولاتانی شەڕکەرا ئاڵ و گۆڕ کراوە. ئەم چەشنە نامانە، بە گشتی لە لایەن وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێرانەوە نێردراون بۆ بالوێزخانەی ئەو وولاتانە لە تاران یا بالوێزخانەی ئەوان لە تاران بۆ وەزارەتی ناردوە.

نیازی دەوڵەتی ئێران لە بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکان لە راستیدا پاکانە کردن بوو بۆ سیاسەتی راگەیێندراوی رەسمی خۆی کە بێ لایەنی بوو، هەر بۆیەش بوو کە چەند ساڵ دواتر کتێبی سەوزیان وەرگێڕایە سەر زمانی فەرەنسی و پێشکەشی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریسیان کرد.

ئەوەی راستی بێ، ئێران بەدرێژایی شەڕ، سیاسەتی رەسمی خۆی بەرانبەر بە شەڕکەرەکان نەگۆڕی ونەچووە هیچ کام لەو دوو بەرەیەوە. بە لام. کومەڵگای ئێران بە گشتی و مەجلیس و دەوڵەت بە تایبەت بە شێوەیەکی ئاشکرادابەش کرابوو .لایەنگرانی محمد ویلهێلم (٧) و سولتان لە هەموو گۆرەپانێکی ژیانی کومەلایەتی دا لە بەرانبەر لایەنگرانی رووس وئینگلیس [روسوفیل و ئەنگلوفیل] وەستابوون و ئەم وەستانەش وەک باسی لێوە ئەکەین جگە لە کوشتارو ماڵ ویرانی و قاتی وقڕی بەدەر هیچی نەدا بەخەڵکی هەژارو لێ قەوماو وسوودو قازانجەکەی تەنیا نەسیبی بیگانەو داگیر

گەران بوو .

شەڕ. کاتی دەستی پێ کرد کە لە ئێران " ئەحمەد میرزا " ی سیزدە ساڵە ، کوڕی «محمد علیشاە»ی قاجار تەنها هەشت ڕۆژ بوو تاجی شایەتی لەسەر نابوو و بە ناوی «ئەحمەد شاە»وە شایەتی ئەکرد. سەرەک وەزیر«علاء السلطنە» (٨) بوو کە هەر دوو لایەنی رووس و ئینگلیز لەسەر حکومەتەکەی پێک هاتبوون . بەڵام زۆر زوو کابینەکە هەڵوەشاوە جێی خۆی دا بە کابینەی «مستوفی الممالک » (٩) و پاشان بە «مشیر الدولە» (١٠).

هەل و مەرج لە ناو خۆی ئێرانا زۆر ناسک بوو: رووسەکان تا تەوریزو قەزوین و ئیسفەهان هاتبوون و عوسمانیەکان هەمەدان و ورمێ یان گرتبوو. ئینگلیسی یەکانیش لە لای باکوورو ڕۆژهەڵاتەوە وەربیبوونە خاکی ئێران و هەر کام لە لایەک خەریکی پاشاگەردانی و باج سەندن و بەڕێوەبردنی ناوچەی بن دەستی خۆیان بوون. لە بارودۆخێکی وا دا بوو کە «مستوفی الممالک» «بێ لایەنی» ی ئێرانی بە هەموو دەزگاکانی میری لە سەرانسەری وڵاتدا ڕاگەیاند [١٢ ذیحجە ١٣٣٢/ یەکەمی نوامبری ١٩١٤] و داوای لێ کردن خۆیان تێکەڵاوی کارەساتی شەڕ نەکەن. دیارە ئێران لە شێوەی ڕەسمی خۆی دا بەم بەڵێنی «بێ لایەنی» یە وەفادار مایەوە خۆی تێکەڵاوی شەڕ نەکرد. بەڵام ئەو ڕاگەیاندنە ڕەسمی یە نە پێشی وڵاتانی دراوسێی ئێران گرت لە دەست درێژی کردنیان بۆ سەر خاکەکەی و نە ئەو ڕاستی یەشی بۆ شاراوە کە ئێران، بە کۆمەڵانی خەڵک و کاردەست و سیاسەتگێرو ئەندامانی دەوڵەتەوە هەر کام لایەنگری سیاسەتێکی دەرەوە واتە لایەنێکی تایبەت لە بەرەکانی شەڕ بوون.

عوسمانیەکان، ئاڵای ئیسلامەتی یان هەڵدابوو و بە ناوی ئیسلامەوە بەشێکی زۆری خەڵکانی سەر سنوور بە تایبەت کوردیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا بوو. ئینگلیسی یەکان لە ناوچەگەلی ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا زۆرێک لەسەرەک عیل و عەشیرەتەکانیان کڕی بوو و لەرێی ئەوانەوە هەموو خەڵکی ئەو ناوانەیان هێنابووە خزمەت سیاسەتی خۆوە. رووسەکانیش بەحەرب و زەرب و زەخت خستنە سەر خەڵک، بەشێکی دانیشتوانی ڕۆژئاوای ئێرانیان هێنابووە ژێر ڕکێفی خۆیان و ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کە دەربارەی قاجارەکان وەک نەریتێکی کۆن لایەنگری رووسەکان بوون و زۆرێک لە شاکانی قاجار، دەست پەروەردەی رووس بوون .

شاعیرێکی ئێرانی (١١)، هەستی خۆی سەبارەت بە هێرشی داگیرکەرانی بێگانە بۆ سەر ئێران و لایەنگری هەندێ ئێرانی، لە داگیرکەران بەم چەشنە دەرئەبڕێ :

چەشد کە مجلس شورا نمیکند معلوم کە خانە ، خانەء غیراست ،یا کە خانە مااست؟

خراب ، مملکت از دست دزد خانگی است زدست غیر چەنالیم ؟ هرچەهست ،ازماست،

(لەبەر چی مەجلیسی شوورا لێمان روون ناکاتەوە ئەم ماڵە، ماڵی بێگانەیە یا هی ئێمە؟
وولات ، بە دەستی دزی ناو ماڵەوە وێرانە ، ناڵە لە دەستی بێگانە بۆ بکەین؟ هەرچی هەیە لە خۆمانەوەیە.) ناوچە کوردنشینەکان ،گۆرەپانێکی سەرەکی بوون بۆ زۆرانبازی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و رووس. کوردەکان، لەوشەڕە داسەپاوە ناخواستەیەدا تووشی کوشتارو وێرانی و ئاوارەیی و قاتی و قڕی و نەخۆشی و پەتا هاتن، ئابووری ناوچەکە نوشوستێکی گەورەی بەسەردا هات شارو دێ ی کوردەکان لەهەردوو بەری سنور توشیاری شەرو ئاڵۆزی بوون و پێشێلی هێزە داگیرکەرەکان کران. بە گشتی دار بەسەر بەردەوە نەما .
ژیانی سیاسی کوردستان، لەسالانی شەڕی یەکەمی جیهانی و دوای ئەو، بە دوو بزووتنەوەی گەورە دیاری دەکرێ :
١- بزووتنەوەی کوردەکانی ناوچەی ورمێ و سەڵماس وخۆی بە سەرکردایەتی سمایل ئاغای شکاک [سمکۆ].
٢- راپەڕینەکەی خوارووی کوردستان بە رێبەرایەتی شێخ مەحموودی نەمر. دیارە راپەڕینەکەی خوارووی کوردستان بە هۆی «کات»وە نەیتوانیوە بێتە تونێ کتێبی سەوزەوە، دوو بەڵگەنامەی جیاواز (٢٣ و ٣٢٥) روانگەی دوژمنانی کورد سەبارەت بە سمکۆ دەرئەخەن و رادەی قین و دوژمنایەتی یان لەگەڵ راپەڕینەکە نیشان ئەدەن. (١٢) تورکەکان هەر لەو کاتەی دا کە بەروبەوی بزووتنەوەی «سمکۆ» یان دژ بە دوژمنەکەیان واتە ئێران ئەخوارد، لە «ئەشرار» و «ئەشقیا» زیاتریان پێ نەئەگوت و بە خوێنی سەری تینوو بوون. ئێرانی یەکانیشمان خۆ چاو پێ کەوت چۆن قورئانیان بۆ مۆر کردو بە فێڵ و فریو خستیانە ناو گێژاوی مەرگەوە. تۆ بڵێی ئەم هەڵوێستەی تورک و عەجەم، دەرسێکی باش نەبێ بۆ خەباتی ئێستای گەلەکەمان؟
« کتێبی سەوز جگە لە راپەڕینەکەی سمکۆ باسی زۆر کارەسات و رووداوی تری ئەو سەردەمەی کوردستان دەکات کە باسیان کەمتر لیوە کراوە ،
دەوری زۆرکەسایەتی ناسراو ونەناسراوی ناوچەکەشمان بۆ ئەخاتە ڕوو کە تا ئێمڕۆ زانیاری یەکی تەواومان لێ یان نەبووە ، باسی زۆر کەسی خۆیی ونامۆ ئەکات کەهێزی ڕووس و عوسمانی بۆ سەپاندنی دەسەلاتیان لەناوچەکەدا ، کەڵکیان لێ وەرگرتوون و وەک دارەدەست بەکاریان هێناون.
زۆرێک لە شارەکانی کوردستان وەک کرماشان و سنە و سەقز و بانە و سابلاغ و ورمێ، زۆر عێل و عەشیرەی کورد لە گوێن زەرزاو هەرکی و شکاک و دێموکری و کەڵهوڕو جاف و سەنجابی و قەڵخانی ، زۆر گەورە پیاوی ناسراوی کورد وەک سەید تەهای شەمزینی و میرزا عەلی قاضی و شێخی حیسامەددین و شێخ الاسلامی سنە هەرکام بەچەشنێ جێگەی خۆیان لە تونێ کتێبی

سەوزدا کردوتەوە.
من لێرەدا سەرجەم ۲۱ بەڵگەنامەی کتێبەکەم وەرگێڕاوەتە سەر کوردی. ئەم ژمارەیە، رەنگە بتوانێ کەم و زۆر زانیاری یەک سەبارەت بە ناوەڕۆکی کتێبەکە بدا بە دەستەوە. لەو ۲۱ دەستاویژە، سێزدەیان باسی رووداوی جیا جیای کوردستان ئەکەن و لە هەشتەکەی تردا شوێنی کارەساتێکی تایبەتیم گرتووە.
کارەساتەکە گیران و کووژرانی «حەمە حسەین خان» ی سەرداری موکری یە کە موتەسەریفی کەرکووک و ئەرکانی حەربی عوسمانی گرتیان و لەگەڵ «سیف الدینخانی مظفر السلطنه » حاکمی سەقز ناردیانن بۆ «مەراغە » و لەوێ تیرە بارانیان کردن ، پاشان جە نازەی« حەمەحسین خان » هاتەوە بۆ بۆ کان و « لەگومبەزی سەردار » نێژرا .عوسمانی یەکان، پێشتریش «حەمەخان » ی حاکمی بانەیان هەر لەبانە گرت و کوشت. ئەم کەسانەو زۆرێکی تر لە خەڵکی هەژاری ناوچەکە، بە تاوانی لایەنگری لە رووس کەوتنە بەر زەربی عوسمانی یەکان و لەناو چون .
لاپەڕەکانی « کتێبی سەوز » هەر چەند باسی شەهید بوونی شێخ بابا عەلی غەوساباد ناکەن بەلام بە درێژایی لە کارەساتی کووژرانی «حەمە حسەین خان » ی سەرداری موکری ئەدوێن. وادیارە سەردار نەک هەر پایەو رووتبەی لەناوچەکەدا بەرزتر لە حاکمانی تر بووە، بەڵکو بە پێی نەریتی باوو باپیری، خزمەتگوزاریکی گرنگی دەوڵەتی ئیران بووە و عەجەم ، بە هاسانی پیاوی وا بە ئەمەک و بە وەفایان لە ناوچەدا وەچنگ نەکەوتووە. باپیری حەمە حسەین خان واتە سەردار عەزیز خان، خەڵکی «نستان»ی سەردەشت بوو، کە پاشان بوو بە سەرداری بۆکان و ئینجا گەیشتە پلەی «سەرداری کل»ی قشوونی ئێران و دەستەراستی «ناصرالدین شا»ی قاجار (۱۳۱۳-۱۲٤۷ ه.ق) سەردار عەزیز خان ئەگەر وەک کوردێکی بلیمەت جێی رێزو شانازی بێت کە توانی بە دەستی خاڵی یەوە لە بۆکان وەرێ کەوێ و بگاتە پلەیەکی وەها بەرزی حکومەتی، لەم بارەشەوە جێی سەرنجە کە بۆ سەپاندنی دەسەلاتی حکومەتی ئێران بە دڵ رەقی زۆرەوە بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی «بابی» یەکانی لە «زەنجان» و راپەڕینی «قەشقایی»یەکانی لە «شیراز» سەرکوت کرد.]
لەم بارەیەوە، بەڵگەنامەی ژمارە ۱۱٦ سەنەدێکی گرینگە و نیشان ئەدات چۆن گەورە پیاوێکی وەک حەمە حسەین خان خۆی بە هەست و نەستەوە خستۆتە خزمەت عەجەمەوە لە مەجلیسێکدا کە لە سابلاغ ئەگیرێ لەگەڵ «مینا ئاغای پیران» [کە ئەمیان خۆی داوەتە پاڵ تورکەوە!] بەگژ یەکدا ئەچن و ئەمیان لە سەر عەجەم و ئەویان لە سەر تورک بە یەکدا هەڵ ئەپرژێن، لە کاتێکدا نوێنەرانی تورک و ئێران لەوێ دانیشتوون و بە پێ خۆشیەوە سەیریان ئەکەن !
بە لای منەوە ئەم بەڵگەنامەیە، نەک هەر سەنەدێکی مێژوویی یە، بەڵکوو ئەتوانێ ببێتە سەرچاوەو

هەونێنی زۆر شیعرو چیرۆک و تابلۆی هونەری. ئەبێ ئەم تابلۆیە بخرێتە بەرچاوی هاونیشتمانەکان و بە تایبەت رێبەران و ئەوانەی وا سەرە پەتێکیان بە دەستە.

لە بەشی «پەراوێزەکان»دا کۆمەڵێکم زانیاری خستۆتە بەرچاوی خوێنەر، هیوادارم یارمەتیان بدات بۆ ناسینی کەسایەتی و ئاگادار بوون لە رووداوەکان. بە داخەوە ئەبێ بڵێم سەرچاوە کوردی و فارسی یەکان سەبارەت بە ژیانی گەورە پیاوان و ئەوەی پێی ئەوترێ «علم الرجال» یەجگار ناتەواون و لێرە، لە دوورەوڵاتی کارێکی ئەوتۆ لە دەست نایەت بۆ ناسین و ناساندنی هەموو ئەوانەی وا ناویان لە بەڵگەنامەکانا هاتووە، بە تایبەت خەڵکی کەمتر ناسراو وەک کاربەدەستێکی میری کە بۆ نموونە، ئەودەم لە ساباڵغ یا بانە ئیشی ئیداری کردوە. لەگەڵ ئەوەش دڵنیام کە پەراوێزەکان زانیاری پێویست ئەدەن بە دەستەوە و کاری خوێندنەوەی بەڵگەنامەکان هاسان ئەکەن.

١- بەڵگەنامەی ژمارە «٨»

تێلگرافی کارداری تەوریز بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی {ئێران}

١٨ی ذیقعدەی ساڵی ١٣٣٢ [=ئۆکتۆبری ١٩١٤ زایینی] «١٣»

وا تەلگرافی «ورمێ»تان بۆ ئەنووسم :

« لەسێزدەی مانگ دا، قەزاقەکانی رووس بە دوو دەزگا تۆپەوە بۆ تەمێ کردنی کوردەکان چوون بۆ «موانە» ١٤ تا رۆژ ئاوا بوون، شەڕیان کرد و پاشان گەڕانەوە بۆ گوندی «ئەنهەر» لە یەک فرسەخی ١٥ شار [ ورمێ]. ئەڵێن کوردەکان تێک شکاون و شەست کەسیان لێ کوژراوە . هەندێکیش ئەڵێن قەزاقەکان شکاون وکورد ، هەردو عەرادە تۆپەکەی گرتووە، رووسەکان دوو سێ دێ یان وەبەر تۆپ داوە و خەڵکی ئاوایی یەکان ڕژاونەتە ناو شارەوە» ١٦

« نصرالدوله »

بەڵگەنامەی ژمارە « ٧٧»

تێلگەرافی تەوریز بۆ وەزارەتی ناوخۆ

٢٦ ی ذیحجەی [ساڵی ١٣٣٢] [نوامبری ١٩١٤]

(١٧) گوایە هێزی ڕووس لە « خۆی » ەوە بەرەو « وان » کەوتۆتە ڕێ. وادیارە نزیکەی دە هەزار کەس لە هێزی عوسمانی و کۆمەڵێک لە کوردەکان « قوتوور » ١٨ ی ئێرانیان گرتووەو بەرەو «خۆی » ئەکشێن، سەرۆکی بانکی ڕووس و ئەوانی تر، ئەڕۆنەوە بۆ ڕووسیە خەڵکەکە لەڕادە بەدەر ترسیان لێ نیشتووە، چاوەڕوانی [ ڕوون بوونەوەی ] تەکلیفم زۆر زوو .

«نەقی سەردار ڕەشید »

بەڵگەنامەی ژمارە «٨٠»

تێلگەرافی کارداری ئازەربایجان بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە

٢٨ ی ذیحجە [ی ساڵی ١٣٣٢] [نوامبری ١٩١٤]

ڕاپۆرتی کاربەدەستی سابلاخ [مەهاباد] کە ڕاپۆرتی « بانە »شی تیا گونجاوە ، ئەنووسم:

« ئەم ڕۆژانە، فیکری دەوڵەتی عوسمانی بۆ هاندانی عەشایری ناوچەکە [کوردەکان] بەرەو جیهاد ، پەرەی سەندووە ، موتەسەریفی « سلێمانی » یان مەجبور کردووە بە دزی یەوە بێتە ئەم لایانەو عەشایر بۆ بەهێز کردنی دەوڵەت [عوسمانی] ڕابکێشێ. بە پێ ی هەواڵی گەیشتوو ،ناوبراوشەش حەوت ڕۆژە کەوتۆتە ڕێ و لە مەریوانەوە بەرەو ئەم لایانە [بانەو سابلاخ] دێت.

«نصر الدوله »

بەڵگەنامەی ژمارە«٨٩»

تێلگەرافی کارداری ئازەربایجان [بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە ؟]

تاریخی ٤ی موحەڕەم [ساڵی ١٣٣٢] [٢٢ ی نوامبری ١٩١٤]

تێلگەرافی «سابلاخ » کە تێلگەرافی « بانە » شی تێدا گونجاوە، ئەنووسرێ :

موتەسەریفی سلێمانی و هاورێ کانی لە سلێمانی وەدەرکەوتوون و بەرەو ئەم لایانە [بانە] کەوتونەتەڕێ، هەر ئێستا شێخی هورمان [هەورامان ] «٢٠» بە هاندانی موتەسەریفی ناوبراو نامەیەکی بۆ « شێخ یەحیا » نووسیوە کە یەکێکە لە عولەمای خاوەن ئیعتباری ئێرە و [ داوای لێ کردووە] کەئێوە بە پێی قانونی ئیسلام «جیهاد» ڕاگەیەنن، منیش ئەمڕۆ لەگەڵ موتەسەریفا بەرەو بانە ئەکەومە ڕێ، شێخی ناوبراویش نامەکە بە بەگزادەکان نیشان ئەدات «٢ی موحەڕەم ».

«نصرالدوله »

بەڵگەنامەی ژمارە « ٩٧»

تێلگەرافی کارداری ئازەربایجان بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە

٨ی موحەڕەمی ١٣٣٣ [ ٢٦ ی نوامبری ١٩١٤]

تێلگرافی سابلاخ کە ڕاپۆرتی بانەشی تێدایە ئەنووسم:

«سەرلە ئێوارەی ڕۆژی هەینی سەرەتای مانگی موحەڕەم، شێخ عەلی تەوێڵە لەگەڵ موتەسەریفی سلێمانی و دوو «ضابط » و هەندێک ئێستر سوار گەیشتونەتە بانەو لە ماڵی « محمد خان » (٢١)

خەریکی کۆکردنەوەی بەگزادەی بانەن کە پاش هاندان و خاترجەمعی بەرەو موکریان وەڕێ کەون، هەرئێستا هەواڵمان پێ گەیشت کە «محمود پاشا» سەرەک عەشیرەتی جافیش سبەینێ ئەگاتە ئێرە [بانە]. شەشی موحەڕەم

« نصرالدوله »

بەڵگەنامەی ژمارە «١١٦»

ڕاپۆرتی تێلگەرافی سابلاخ [ بۆ کارداری ئازەربایجان ؟ ]

١٥ ی موحەڕەمی ١٣٣٣ [ تاریخی گەیشتنی: ٢٣ ی موحەڕەم ] [ دیسامبری1914 ]: دوێنێ ژمارەی عەسکەری دەست درێژکەری عوسمانی و هاوڕێکانیانم عەرز کردن [ لە بەڵگەنامەی ژمارە ١١٢ دا هاتووە : موتەسەریفی کەرکوک بە دووسەد عەسکەرو پێنج سەد کەس لە عەشایرەوە لای ئێوارەی ڕۆژی ١٣ ی موحەرەم گەیشتونەتە سابلاخ ]. پاش ئەو ڕاپۆرتە «بایز ئاغا» ٢٢ بە قسەی خۆی بە پەنجا کەسەوە، میناغای پیران بە سەد کەسەوە هەروەها « سمام السلطان » ی قوم قراء [ قوم قەلا]. لەگەڵ کەریم ئاغاو ڕەزا ئاغای کوڕانی «ئاغای میر پەنجە» هاتن [هاتنە سابلاخ].

کوڕانی «حاجی ئیلخانی» ٢٣ هیچ کاتێ لە شار غافڵ نین بەڵام « حکومەتی جەلیلە» [واتە حاکمی سابلاخ ] زۆرێک لە عەشایرو ئاغاواتی ناو خۆی بۆ لای خۆی ڕانەکێشاوە و لەگەڵیان نی یە . ئەوەی هەر بە یەجگاری جەسارەتی لەڕادەبردۆتەدەر ، « محمد ئاغای پیران » ە دوێنێ بەیانی « حکومەتی جەلیلە » و ئەم نۆکەرەتان و بەڕێوەبەری پۆستەخانەو جێگری کاردار [ی حکومەت لەسابلاخ ] چوبوینە چاوپێ کەوتنی موتەسەریف. ووتو وێژێکی دوورو درێژ کرا لە هەمو بابەتێکەوە و کوتیان [حاکمی سابلاخ «سەرداری موکری» بە محمد ئاغای پیرانی گوت]: تۆخۆت ئەڵێ ی ئێرە خاکی ئێرانە و ئێمە بۆ یارمەتی ئێوە هاتوین ، هەمووش هەر موسوڵمانین ، خۆ ئەگەر ئەم قسانە ڕاست بن ، ئەبێ خەڵکی « سابلاخ » لە ئێوە نزیک ترین تا خەڵکی « میاندواو » و « مەراغە » [ دیارە ئەمان داوای ئیجازەیان کردووە بۆ ئەوەی بچن بۆ « میاندواو » و مەراغە » هەر ئەوشوێنەی وا شێخ قادرو سوارەی مەنگوڕ لە ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبەیدیللای نەهری دا چوون و بە ناکامی گەڕانەوە] ئێوە لەگەڵ خەڵکی ئێرە [سابلاغ] وا ئەجولێنەوە، زۆربەی ماڵەکانتان وێران ژنانتان بێ عیسمەت کردووە.

من کە ئەم حاڵە لە ئێوە ئەبینم، چۆن باوەڕتان پێ بکەم و ڕێگاتان بدەم بچنە میاندواو؟

«میناغا» دەستی کرد بە نەڕە هەراو گوتی : تۆ [سەرداری موکری] دەس لە مەزنایەتی و ئاغایی [ئومەرائییەت] هەڵناگری و بەم قسانە فریومان ئەدەی. هەموو ئەو کاغەزانەی بۆت نووسیووم ئەوا لە گیرفانم دایە.من سەر بە دەوڵەتی عوسمانیم و هەرچی [ئەوان] حوکم بکەن، سەری بۆ دائەنوێنم.

«حکومەتی جەلیلە» بێ سێ و دوو کردن، بە توندی جوابی داوەو گوتی: ڕاست و ڕەوان لەبەر دەمی

«موتەسەرریف» و «قۆماندار» فەرماندەی هێزی عەسکەری عوسمانی و «ئاغایانی قاضیان» (بنەماڵەی قاضی کە خاوەن موڵکی سەرچۆمی مەجید خان و قاضیی شاری سابلاغ بوون. شەهید «قاضی» محەممەدیش هەر لەو تایفەیە بوو) و حازرانی ئەم دانیشتنە پێت ئەڵێم هێشتا جل و بەرگی سەربازیی بابە گەورەم (٢٦) هەر ماون. من لە دەوڵەتی ئێرانەوە بوومەتە خاوەنی دوو سێ کرور (٣٧). وەک تۆش بەم قسانە خۆم و ملک و ماڵم لە ناو نابەم. تا ئەو کاتەش کە سابلاغ و «لاجان» (٣٨) خاکی پاکی ئێران بن، بە قسەی وا، من و تۆ ناتوانین ببینە تابیعی کەسێکی تر».

بە پێچەوانەی ئەمە «حاجی ئیلخانی» هەواڵی بۆ «حکومەتی جەلیلە» ناردەوە گوتویەتی: هیچ ترسێکتان نەبێ، نەک هەر نایەڵم کەس لە «کەڵکی بەگزادان» (٢٩) بێتە خوارێ، هەموویشیان [دیارە دەبێ هێزی عوسمانی و لایەنگرەکانیان بن] بە هیممەتی خەڵک و یارمەتی دەوڵەت [ی ئێران] لە سابلاغ ئەکەمە دەرەوە. «ئەمیر ئەسعەد» ی کوڕیشی یەک یەک ناردۆتە لای کاربەدەستان [ی دەوڵەت لە سابلاغ] کە تەواو پشت ئەستوور بن، هەر چەند سوارێک بۆ پاراستنی ئیدارەکەتان پێویست بێ، بۆتانی ئەنێرم و ئەگەریش زۆر ئەترسن، بۆ ماوەی چەند رۆژ وەرنە «ئەگری قاش» (٣٠) و لەوێ بمێننەوە.

ئێستا ئەوەندەیان خەڵکی شارەکە [سابلاغ] ئازار داوە [واتە عوسمانیەکان و سوارەی عەشایر] کە هەمووان لێ یان بێزار بوون و بە هیچ چەشنێک، لە دڵەوە لەگەڵیان نین. دەرگای ماڵان ئەشکێنن، بە زۆر ئەچنە ژوورەوە ئەوەی بەردەستیان کەوێ بە تاڵانی ئەبەن و بێ عیسمەتی ئەکەن. هەر چەندە سەرۆک و شێخەکانی خۆشیان بەسەریان دادێن ناچێتە گوێی عەشایرەوە. دوێنێ یەکسمەکانی پۆستەخانەیان لە کاروانسە کێشادەرێ و بردیان. «حکومەت» چەند جاری داوا لێ کردنەوە، بەڵام هیچ سوودی نەبوو. خەڵک ئێستا قەدری دەوڵەت و کاربەدەستی دەوڵەتەکەیان بە باشی ئەزانن(!) و زوربەی ئاغاوات و عەشایر وا جارێ لەگەڵ حکومەتن.

«سولتان مەحموود» (٣١)

بەڵگەنامەی ژمارە «١٩٩»

تێلگەراف لە کوردستان [= شاری سنە]وە بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە.

تاریخی ١٨ ربیع الاول ١٣٣٣ [= چوارەمی مانگی فوریە ١٩١٥]

تاقمێکی زۆر لە عەسکەری عوسمانی هاتوونەتە ناو «خوڕ خوڕە»وە (×). هەواڵەکانی ئازەربایجان و هاتنی قشوونی رووس، دیارە سەر لە نوێ {بەهانەی} جوڵانەوە ئەدەنە دەس عوسمانیەکان کە لەو لایانە {واتە لای خوڕ خوڕە} هێز کۆکەنەوە هەمیسان بیانخەنە رێ. جا ئەوسا ئاشکرایە لە سەقزو بانە هیچ هەر نامێنێ. من زۆر بە پەرۆشی ئەو ناوچانەوەم بە تایبەت خەیاڵی داگیر کردنی ناوچە

گەلیکیشیان لەو ناوانە

هەیە {واتە عوسمانیەکان} و گەڕەکیانە بێ ئیجازەی دەوڵەت [= دەوڵەتی ئێران] لە «پێنجوێن» (xx) ەوە تا بانەو سنە، سیمی تێلگەڕاف بکێشن و ئەم مەسەلەیەش تەواو ڕاستەو گوایە گشت لایەنی کارەکەیان تەواو کردوەو بە زوویی دەس بە کار ئەبن.

«نصیر السلطنە»

(x) ناوچەیەکی بچووکە لە باکووری کێوی «چل چەمە» و باشووری سەقز. (کتێبی سەوز)

(xx) گوندێکی خاکی عوسمانی یە نزیک بە سنووری کوردستانی ئێران. (کتێبی سەوز)

بەڵگەنامەی ژمارە «۲۱۹»

تێلگەڕافی کارگوزاری کرماشان بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە

تاریخ ۲۹ ربیع الاول ۱۳۳۳ [= ۱۵ فوریە ۱۹۱۵]

پۆستەی ئەم دواییەی حکومەتی «قەسر» و سەرحەد دار، وا ئەگەیێنێ کە عوسمانیەکان لە دەورو بەری «زەهاو» هاتوونە ناو خاکی ئێرانەوە لە ڕێی کرماشان و هەمەدانەوە چوون بۆ «قەزوین» بۆ ئەوەی لەوێ بچن بە گژ رووسەکانا. قونسوولی ئاڵمانیش هەموو ڕۆژێ بە ناوی سوار بوون و گەڕان، سنووری «قەسر» ئەخاتە ژێر چاوەدێری. ئەو شێخەش کە بۆ هاندانی عەشایر لە بەغداوە هاتبووە قەسر، ئەوا سێ ڕۆژە چووە بۆ کرماشان بۆ چاوپێ کەوتنی حکومەت [= حاکم] و بە زوویی بە فەتوای عولەماوە ئەگاتە کرماشان.

«معاضد الملک»

۹) بەڵگەنامەی ژمارە «۲۹۱»

تێلگەرافی کارگوزاری کرماشان بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە.

۲۸ ربیع الثانی [= ۱٦ مارس ۱۹۱۵]

دوو ساحێب مەنسەبی ئاڵمانی بە دوازدە بارەوە کە بە پێی ڕاپۆرتی «نظمیە» چوار باریان «قورخانە» [= چەکەمەنی] بوو، ڕۆژی رابردوو گەیشتنە کرماشان. «شەوکەت بەگ»ی شابەندەری لنکە {؟} ش هەر گەیشتێ [= گەیشتە کرماشان] و ماوەیەک لە شابەندەری (عوسمانی) ئەمێنێتەوە.

«معاضد الملک»

١٠) بەڵگەنامەی ژمارە «٣٠٨»

بەشێک لە تێلگرافی کارگوزاری ئازەربایجان بۆ وەزارەتی دەرەوە

تاریخ ٣ی جمادی الاولی ١٣٣٣ [= ٢٠ مارس ١٩١٥]

ئەو کەسانەی وا خەریکی تالان و کوشت و برن لە خاکی ئازەربایجان - چ لە گوندو ئاوایی دەورو بەری ورمێ و چ لە ناوچەگەلی خۆی و سەلماس و ...هتد، کوردی ئێران نین. ئەگەریش لەو ناوچانە کوردو عەسکەر [ی عوسمانی] دەست درێژی یان کردبێتە سەر گوند نشینەکان و ئەرمەنی یاخود هەندێ موسوڵمانیان کوشتبێ، «فیدایی» یە ئەرمەنیەکانیش لە گوندەکانی «خۆی» و «سەلماس» ئاگریان بەرداوەتە گوندەکان و کۆمەڵێکی زۆر لە موسوڵمانانی ئێرانیان کوشتووە. ئاگری ئەم زەرەرو زیانە - چ گیانی بێ و چ مالی، تەنیا بە هۆی هێزی عەسکەری دووبەرەی شەڕکەرەوە بەربۆتە خەڵکی بێ لایەنی ئێران بە موسوڵمان و مەسیحی یەوە هەر بە هۆی دەست تێ وەردان و زەخت و زۆرخستنی بێ یاسای دەست درێژ کەرانەوە،هەوڵی کاربەدەستانی دەوڵەت لە ناوچەدا بۆ پاراستنی گیان و مالی خەڵکی خۆیی و بێگانە بە ئاکام ناگات.....

«اسد الله»

١١) بەڵگەنامەی ژمارە «٣٩٥»

بەشێک لە تەرجومەی نامەی باڵوێزخانەی ئەمریکا [لە تاران] بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە [ی ئێران]

٢٦ی ربیع الثانی ١٣٣٣ [= ١٣ی مارس ساڵی ١٩١٥]

ئەمرۆ بە تێلەگراف، باڵوێزخانە ئاگادار کراوە کە لە نزیک ورمێ ٨٠٠ کەس لە دانیشتووانی ئێرینە کوژراون و زۆربەشیان ئەو مەسیحیانە بوون وا لە «دەیلەمان» (٣٢)ی نزیک ورمێ دامەزرا بوون. زیاتری ئەم وەحشیگەری و درندەیی یەش کاری کوردەکانی ئێران بووە هەر ئێستاش مەترسی گیان و ماڵ هەیە بۆ هەزاران مەسیحی و غەیرە مەسیحی کە لە ورمێ و لە ژێر حیمایەتی «موژدەدەرەکان» خزاون.....

«کالدۆل»

١٢) بەڵگەنامەی ژمارە «٤٠٢»

نامەی باڵوێزخانەی رووس بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە [ی ئێران]

تاریخ ٢٨ی ربیع الثانی ١٣٣٣ [= ١٥ی مارس ساڵی ١٩١٥]

ئەم دۆستەتان بەوپەڕی ویقارو رێز دانانەوە لە جەنابی موستەتابی ئەجەڵی عالی تان داوا ئەکات

دەستوور بفەرموون هەنگاوی پێویست هەڵبنرێتەوە بۆ پاراستن و ئاگا لێ بوونی گیان و ماڵی مەسیحیانی ورمێ لە دەست درێژی و بزووتنەوەی عەسکەری عوسمانی و تا ئەو کاتەی قشوونی ئیمپراتۆری [رووس] ئەگاتە ئەوێ، لە باری گیان و ماڵەوە زەرەرو زیانیان پێ نەگات. لەم کاتەدا ڕێزی زۆری خۆم (تان بۆ) تازە ئەکەمەوە.

«کرستۆتس»

١٣- بەڵگەنامەی ژمارە «٤٠٥»

یادداشتی باڵوێزخانەی ئینگلیس بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە [ی ئێران]

تاریخی ٢٩ ربیع الثانی ١٣٣٣ [=١٦ مارس ساڵی ١٩١٥]

وەزیری موختاری ئەعلا حەزرەت پادشای ئینگلیس شەرەفی هەیە وەزیری کاروباری دەرەوەی دەوڵەتی پایەبەرزی ئێران ئاگادار بکات بە پێی ئەو هەواڵەی لە کونسوولی ئینگلیس لە تەورێزەوە گەیشتووە، ئەوتری کوردە ئێرانیەکان بە هان دانی عوسمانی دوو ڕۆژ پێش ئەوەی رووسەکان «دەیلەمان» بگرن، هەشت سەد کەس پیاو منداڵی مەسیحی یان لەوێ کوشتووە. رەنگە ئەو مەسیحیە هەڵاتووانەی کە بە قسە، دە هەزار کەس ئەبن و لە ورمێ چوونەتە ژێر حیمایەتی موژدە دەرە فەرەنسی و ئەمریکایی یەکانەوە، گیانیان لە مەترسی دا بێت. کونسوولی ئەمریکا لە تەورێز لە وەزیری موختاری دەوڵەتەکەی خۆی کە دانیشتووی ئەوێ یە (؟) داوای کردووە بە هۆی باڵوێزی مەزنی خۆی لە ئەستەمووڵەوە سەبارەت بەو مەسیحی یە هەڵاتووانە قسە بکات. «سێر والتر تۆنلی» دڵنیایە کە جەنابی «معاون الدوله» هەموو چەشنە هەنگاوێکی گونجاو هەڵدێنێتەوە - چ ڕاستەوخۆو چ بە هۆی باڵوێزی عوسمانی یەوە، تا پێشی کوشتارو ئازاری ئەو مەسیحی یە هەژارانە بگیرێ.

«والتر تۆنلی»

١٤) بەڵگەنامەی ژمارە «١٢٤»

تیلگرافی جێگری والیی ئازەربایجان

٢٤ی محەڕڕەم ١٣٣٣ [= ١٣ دیسامبری ١٩١٦]

دوێنێ تا ئێوارە، دوو تیلگرافی تر لە لایەن ئاغای سەردار موکری یەوە گەیشتووە کە وا لە خوارەوە عەرزتان ئەکەم:

«سەر لە بەیانی عەریزەیەکی تیلگرافیم بۆ ناردن و زۆر بە پەلە داوای [روون بوونەوەی] تەکلیف [ی

خۆمم] لێ کردن. هەر ئێستا، عەلی ئەفەندی بە چەند ئێستر سوارێکەوە گەیشتێ. تەکلیفی من و سەرۆکانی ئیدارات و سەرباز روون کەنەوە. «محەمەد حسەین موکری»

هەروەها:

«دەست خەتی تێلگەرافیتانم زیارەت [کرد] سەعاتێ لەمەو پێش عەلی ئەفەندی بە سێ کەس ئێستر سوارەوە گەیشتێ و تا دە دەقیقەی تر، شێخ جەلالەددین بە عەسکەرو عەشایرەوە دائەبەزن. تاقمێک سەرباز و پێنج کەس قەزاقم پاش رۆیشتنی قشوونی رووس لە سەربازخانە دانابوو تا {عوسمانی یەکان} وێرانی نەکەن و بتوانم قەزاقی تێدا نیشتەجێ بکەم . بەلام ئەوا عەسکەر [چۆتە] ژووری و گوللەی بەسەر قەزاق و قەراو لێ تەقاندوەو سەربازخانەی پێ چۆل کردوون و خۆیان تێ یدا دانیشتوون. لەبەر ئەوەی دەولەتی مەزنی ئێران بێ لایەنە، قەزاق و قەراوڵ بەرگری یان لێ نەکردن بەلام وەزعی من و سەرۆکانی ئیدارات روون نی یە. تەلی تێلگەرافیش ئەمشەو هەیەو سبەینێ بێ شک دای ئەبڕن. شوکری خوا، خۆتان وەزعیەتی ناوچەکە بە تەواوی ئەزانن و ئەوەی من عەرزتان کەم بە زیادیم کوتووە. تکاتان لێ ئەکەم هەر ئەمشەو تەکلیفم روون کەنەوە تا بێ دەلیل ئابروو چاو نەبین. ئەو کەسانەی من دیومن و ئەیانناسم، بێ لایەنی یان بەسەردا ناچێ ! تکای روون کردنەوەی تەکلیفم هەیە. نۆکەرتان. محەممەد حسەین موکری

من دیسانەوە، دەستووری بێ لایەنیم [بە سەرداری موکری] داوەو سوور بووم لەسەر ئەوەی تا ئەتوانن، بێ لایەن بمێننەوە و لەوێش نەبزوون مەگەر بزانن کە ئازاری کاربەدەستانی دەولەت ئەکرێت و مەجبوورن ئەوێ بە جێ بهێلن. ئینجا بێویستە هەموویان بەیەکەوە برۆن. پاش ئەوە ئیتر تێلگەرافی سەردار موکری نەگەیشتووەو دوا راپۆرتی تێلگەرافیش ئەلێ کە شێخ جەلالەددین و موتەسەریفی کەرکووک گەیشتوونەتە [سابلاغ] و وتو وێژی سەردار موکریش لەگەل موتەسەریفی کەرکووک، کەوتۆتە بەرچاوی موبارەکتان. هەر هەواڵێکی تر بگاتە ئێرە، عەرزتان ئەکەم.

«نەقی»

بەڵگەنامەی ژمارە «١٤٣»

تێلگەرافی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران بۆ بالوێزەکەی لە ئەستەمول

١١ی مانگی صفر ١٣٣٣ [=رۆژی یەکەمی ژانویە ١٩١٥]

هەواڵ ئەگات کە موتەسەرریفی کەرکووک لە شاری سابلاغ، سەرداری موکری حاکمی شارەکەی لە مالی خۆیا زیندانی کردوەو مەترسی گیانی لێ ئەکرێ. لەگەل سەرچاوەی تریش ووت و وێژی پێویست کراوە. ئەمری تێلگەرافی فەوری بۆ پاراستنی گیانی دەرکەن.

«محمد علی علاء السلطنه»

بەڵگەنامەی ژمارە «١٥٨»

تێلگەرافی باڵوێزی ئێران لە ئەستەمووڵ بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە [ی ئێران]

٢٢ی صفر ١٣٣٣ [= ١٢ ژانویە ١٩١٥]

سەبارەت بە سەردار موکری، لە سەردار موکری خۆیشیەوە تێلگەراف گەیشتبوو. هەنگاومان بۆ هەڵێناوە و متمانەمان وەرگرت بۆ پارێزرانی گیان و ماڵی.

«مەحموود»

بەڵگەنامەی ژمارە «١٦٨»

تێلگەرافی وەزارەتی دەرەوە بۆ باڵوێزی ئێران لە ئەستەمووڵ

٢٧ی صفر ١٣٣٣ [=١٦ ژانویە ١٩١٥]

سەرەڕای تێلگەرافەکەی جەنابتان لەمەڕ پاراستنی گیان و ماڵی سەرداری موکری و هەروەها ئەو متمانەیەی وا باڵوێز [ی عوسمانی لە تاران]دا بووی بە ئاغای سەرەک وەزیر [=مستوفی الممالک] ئەوا کاربەدەستانی عوسمانی سەرداری موکری و «سەیفەددین خان»ی سیف السلطنە (٣٣) یان تیرەباران کردووە. بەم ئاکارەو هەروەها بە کوشتنی دوو کاربەدەستی دەوڵەت لە بانە کە بێشتر رووی دا بوو، چۆن ئەتوانرێ بڕوا بەو بەڵێنانەیان بکرێ کە فەرموو بووتان. مەگەر بڵێن کاری کاربەدەستانیان بە پێچەوانەی حوکمی مەرکەز بووەو لەم حاڵەتەش دا، دەوڵەتی ئێران چاوەڕوانی ئەوە ئەکات کە بە زوویی، حوکمی پێویست لەسەر تەمبێ کردنی ئەو کەسانە دەر بکرێ کە ئەم کارە پەیمان شکێنی یەیان لێ وەشاوەتەوە هەر لە جێگا [ی رووداوەکە] دا بەڕێوە بچێ. خوێنی ناحەقی سەرداری خوا لێخۆش بووش بدرێ بە خێزانەکەی تا کاربەدەستانی ئێران بتوانن متمانە بکەن بە دەعایەی پارێزرانی خۆیان لە لایەن کاربەدەستانی عوسمانی یەوە ئاسەواری ناحەزی ئەم کارە بە تەواوەتی لەناو بچێ و بەڕێوەبەرانی دەوڵەت [ی ئێران] تووشی تەنگ و چەڵەمەیەکی وا نەیەن کە هەمیشە خۆیانی لێ ئەپارێزن.

«محمد علی علاء السلطنە»

٥) بەڵگەنامەی ژمارە «١٧٢»

تێلگەرافی وەزارەتی کاروباری دەرەوە بۆ باڵوێزی ئێران لە ئەستەمووڵ

٣ ربیع الاول ١٣٣٣ [=٢٠ ژانویە ١٩١٥]

ڕووداوی کوژرانی سەرداری موکری و کوڕەکەیتان بە تێلگەراف پێ ڕاگەییندرا. هێشتا ووت و وێژ لە سەر ڕووداوێکی وا دلتەزێن کە شوێنی زۆر ناحەزی داناوە لەسەر دڵ [ی خەڵک] و هەزاران عەیب و عـیللەتی لە پەیوەندی نێوان هەر دوو دەوڵەتا پێک هێناوە درێژەی هەیە، ئەوا هەواڵ ئەگـات کـە عوسمانی یەکان «مظفر السلطنە»ی حاکمی سەقزیشیان کوشتووە بە دوای ئەم ڕووداوەدا، خەڵکی ناوچەکە بە توندی شڵەژاون.

بۆ پاراسـتنی ناوچەکـە هەنگاو هەڵێنراوە بەڵام دووپاتە و نەوەی ئەم کـارانە لە لایەن عـەسکەری عـوسمـانی یەوە، نەک هـەر دڵ [ی خـەڵک] ئەشڵەژێنن، بەڵکو دەرفەتیش لە دەوڵەت ئەسـتێنن کـارێک ئەنجام بدات (!). بالوێز [ی عوسمانی لە تاران] بە لای دەوڵەتی ئێرانی دا دایشکاندووە تێلگەرافی ناردوە بۆ «بابی عالی». جەنابیشتان سەبارەت بەم کارە «پرۆتێست» (٣٤) بکەن و داوای قەرە بوو [ی ئەو زیانە] و بەرگری لە دوو پاتە بوونەوەی بکەن ئاکامەکەی [بە ئێمە] ڕابگەیێنن.

«محمد علی علاء السلطنە»

٦) بەڵگەنامەی ژمارە «٣٦٦»

نامەی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران بۆ باڵوێزخانەی عوسمانی [لە تاران]
تاریخی ٥ی ربیع الاول ١٣٣٣ [= ٢٢ ژانویە ١٩١٥]

پاش ئەوەی بە پێچەوانەی چاوەڕوانی [ئێمـەوە] هەواڵ گەیشت کە مـحـەمەد حـسـەین سـەرداری موکری حاکمی سابلاغ لە ماڵی موتەسەرریفی کەرکووک [لە سابلاغ] دەست بە سەرەو ئەویش [ واتە حاکمی سابلاغ] نیگەرانی خۆی لەم کارە بە دەوڵەتی پایە بەرز [ی ئێران] ڕاگەیاندبوو، بە سەر سووڕماوی زۆرەوە هەواڵی مەسەلەکەمان بە جەنابی پایە بەرزتان ڕاگەیاندو چاوەڕوانی لابردنی ئەم دەست درێژی و سووکایەتی یە بووین لە سەر ناوبراوی خۆشەویستمان.

سەرەڕای ئەوەش، بە هۆی بالوێزخانەی ئێرانەوە، چونیەتی کارەساتەکەم بە «بابی عالی» ڕاگەیاندو حضرت مستطاب اشرف، ئاغای سەرەک وەزیریش گەورەیی بەردەوام بێت، لە چاوپێ کەوتنیا [لەگەڵ بالوێزی عـوسـمـانی لە تاران ؟] داوای لێ کردن لەم کـارە دوور لە پەیوەندی یە دەست هـەڵبگرن و گیانی ناوبراو بپارێزن. بالوێزخانەی ئێران [لە ئەستەمووڵ] یش پاش ووتو وێژ لەگەڵ «بابی عالی» جوابی داینەوە کە بەڕێوەبەرانی دەوڵەتی پایەبەرزی عـوسـمـانی مـتـمانەی تەواو ئەدەن بۆ پارێزرانی گیان و ماڵی سەرداری ناو براو.

هەروەها جەنابی موستەتابی پایەبەرزیشتان، پشتتان بەست بە تێلگەرافی «بابی عالی» و بە شێوەی ڕەسمی، مەقامی سەرەک وەزیر [ی ئێران] تان ئاگادار کرد کە سەرداری موکری ئەبرێ بۆ وولاتی عوسمانی و موعامەلەی باشی لەگەڵ ئەکرێ و بەم چەشنە، بەڕێوەبەرانی ئەم دەوڵەتەتان خاتر جەمع

کرد.

ئەوا، سەرەڕای هەموو ئەو بەڵێنانە، ئێستا هەواڵی دڵتەزێنی کردەوەی هێزەکانی دەوڵەتی پایە بەرزتان لەمەڕ تیرەباران کردنی سەرداری موکری و کوڕە شازدە ساڵەکەیمان پێ ئەگات کە ئازارەکەی لەناو دڵی بەڕێوەبەرانی ئەم دەوڵەتەدا بە زمان ناگوترێ. ئەم کارەی هێزەکانی دەوڵەتتان هیچ چەشنە موافقەیەکی نی یە لەگەڵ پەیوەندیی نێوان دوو دەوڵەتی هاوئایین. سەیر ئەوەیە کە بە شوێن رووداوی ناحەزی کوشتنی «محەممەد خان» حاکمی بانەو «میرزا نیعمەتوڵڵا»ی کاربەدەستی گومرک و چەند دەست و پێوەندیان، وەک بە قسە عەرزم کردن، «مظفر السلطنە»ی حاکمی سەقزیشیان کوشتوە کە رژانی خوێنی ئەو بۆتە مایەی پشێوی لەناو خەڵکاو زۆر لە ناڕەحەتی دان. بەڕێوەبەرانی دەوڵەتی مەزنی ئێران بە حەق و بە شێوەیەکی ئوسووڵی بەم کارەی عەسکەری دەوڵەتی مەزنتان «پرۆتێست» ئەکەن و زۆر بە بێ سەبری داخوازی قەرە بووی ئەو خوێنە رژاوانە و بەرگری لە دوو پاتە بوونەوەیان ئەکەن. لەم کاتەدا ڕێز.........[بەڵگەکە ناتەواوە]

«محمد علی علاء السلطنە»

٧- بەڵگەنامەی ژمارە «٣٨٢»

تێلگەرافی وەزارەتی کاروباری دەرەوە [ی ئێران] بۆ بالوێزخانەی [ئێران] لە ئەستەمووڵ

تاریخ ٨ ربیع الثانی ١٣٣٣ [=٢٤ فوریە ١٩١٥]

کەس و کاری خوا لێخۆش بوو سەرداری موکری دادخوایی ئەکەن کە عوسمانی یەکان پاش کوشتنی خوا لێ خۆش بوو سەردار، دەست درێژی ئەکەنە سەر ماڵ و کەس و کاری و بە یەکجاری بەرهەمی مڵکەکانیان لەناو ئەبەن. بۆ لابردنی ئەم دەست درێژی یانەی عوسمانی یەکان، بەپەلە هەنگاو هەڵێننەوە.

«معاون الدولە» (٣٥)

بەڵگەنامەی ژمارە «٣٨٦»

نامەی وەزارەتی کاروباری دەرەوە [ی ئێران] بۆ بالوێزخانەی گەورەی عوسمانی [لە تاران]

تاریخی ١٧ ربیع الثانی ١٣٣٣ [= ٦ی مارس ١٩١٥]

بە شوێن نامەکانی پێشووی خۆما لەمەڕ کووژرانی سەردار موکری و بە دوای ئەو قسانەی وا لە گەڵ بالوێزخانەی مەزنتاندا کراوە، زەحمەتتان ئەدەم و ئەڵێم عەسکەرو هێزی دەوڵەتی مەزنتان زیاد لەوەی سەردارێکی بەڕێز و چەند کەسی تریان کوشتووە ئاوەها زیانیان داوە لە پەیمانی سنووری و

حقووقی و [هەروەها] لە بێ لایەنی دەوڵەتێکی دۆست و هاو ئایین، ئەوا کەس و کاری بە جێ ماوی سەرداری خوا لێخۆش بوو هانایان هێناوە و ئەڵێن عەسکەرو هێزی ئەو دەوڵەتە مەزنە لە سابلاغ لە ئازار گەیاندن بە کەس و کارو هەروەها بە ماڵی خوا لێخۆش بوو کۆتایی ناکەن ! هەواڵ ئەدەن کە سەدو چوار ئەسپ و ئێستر و ماین لەگەڵ ٣٦ تفەنگ کە ماڵی سەردار موکری بووە زەوت [کراوە] و جل و بارگەی حکوومەتی وەک فەرش و ئەسباب، هەرچی بووە داگیریان کردووە و هەر رۆژێ بە چەشنێ کەس و کاری ئەزیەت ئەکەن و ملکەکانی ئەخەنە بەر دەست درێژی. ئەم دۆستەتان بە ئەوپەڕی سەرسوڕمان و هەروەها بە داخی زۆرەوە لەو کارەی هێزی دەوڵەتی مەزنتان، ئەویش [لە کاتێکا] کە چاوەڕوانی قەرەبوو کردن و بژاردنی هەموو زیانەکە و دانی تاوانی خوێنی کووژراوان ئەکرێ، رای ئینساف نیشاندەری مەزنتان رائەکێشم و زۆر بە جیددی داواتان لێ ئەکەم ئەمری تێلگەرافی دەرکەن بۆ قەرەبووی زیانی میرات گرەکان و ئاکامی کارەکە، بەم دۆستەی خۆتان رابگەیێنن. هەمیشە رێزی زۆری خۆم بۆ جەنابی موستەتابتان تازە ئەکەمەوە.

«معاون الدوله»

٩) بەڵگەنامەی ژمارە «٣٨٧»

تێلگەرافی باڵوێزخانە [ی ئێران لە] ئەستەمووڵ بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە [ی ئێران]

٢١ ربیع الثانی ١٣٣٣ [٨ی مارس ١٩١٥]

تێلگەرافی موبارەک زیارەت کرا. سەبارەت بە کەس و کاری سەرداری موکری چاوم بە سەرەک وەزیر [ی عوسمانی] کەوت. بڕیار درا حوکمی قورس و قایم دەرکەن کە هیچ کەس دەست درێژی ملک و کەس وکاری [سەردار] نەکات.

«مەحموود»

پەراوێزەکان

(١) «قاجار»ەکان لە نێوان ساڵانی ١١٩٣ تا ١٣٤٤ی کۆچی بەرانبەری ١٧٧٩ تا ١٩٢٥ی زایینی لە ئێران دا حکوومەتیان کردوە.

(٢) کتاب سبز

(٣) شەڕی یەکەمی جیهانی (١٩١٨- ١٩١٤ ز) بە تێک شکانی هێزەکانی عوسمانی و بولغار (سێپتامبری ساڵی ١٩١٨) و ئاڵمان و ئۆتریش - مەجار (ئۆکتۆبری هەمان ساڵ) دوایی پێ هات و لە ١١ی مانگی نوامبردا ئاڵمان پەیمانی برانەوەی شەڕی مۆر کردو شەڕ بە شێوەی رەسمی

دوایی هات.

لەو کۆنفرانسەدا کە بۆ ئیمزای پەیمانی ئاشتی بەسترا، ئەم پەیمانانەی خوارەوە مۆر کران:

أ- پەیمانی ویرسای لە نێوان هێزە یەکگرتووەکان و ئاڵمان (۱۹۱۹)

ب- پەیمانی سەنت ژێرمەن لە نێوان هێزە یەکگرتووەکان و ئۆتریش (= نەمسە) (۱۹۲۰)

پ- پەیمانی نیولی لە نێوان هێزە یەکگرتووەکان و بولغارستان (۱۹۲۰)

ت- پەیمانی تێریانون لە نێوان هێزە یەکگرتووەکان و مەجار (هۆنگری) (۱۹۲۰)

ج- پەیمانی سوێر لە نێوان هێزە یەکگرتووەکان و عوسمانی (تورکیای تازە) (۱۹۲۰)

دوو لایەنی شەڕ بریتی بوون لە:

أ- هێزە یەکگرتووەکان (ALLIED POWERS) کە پێک هاتبوو لە فەرەنسا، ئینگلیس (وڵاتانی ناو ئیمپراتۆری یەکەی)، رووسیە، ژاپۆن، بیلژیک، ئیتالیا، سەربستان، پورتغاڵ، رۆمانیا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو یۆنان.

ب- هێزە مەرکەزی یەکان (CENTRAL POWERS) کە لەم وڵاتانە پێک هاتبوو: ئاڵمان، عوسمانی، ئۆتریش، مەجار و بولغارستان.

وەک هەموومان ئەزانین نوێنەری کورد لە کۆنفرانسی سوێردا ژەنەراڵ شەریف پاشا بوو و ئەو بەشەی پەیمان نامەکە دیاری کردنی چارەنووسی کورد ئەگرێتەوە گرینگترین بریاری نێو نەتەوەیی یە سەبارەت بە گەلەکەمان. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ناوەرۆکی پەیمانەکە و هەروەها پێشنیاری کوردەکان لە کۆنفرانس دا بڕوانە:

أ) دکتۆر بلەچ شێرکۆ، کێشەی کورد، مێژینەو ئێستای کورد، محەمەد حەمە باقی لە عەرەبی یەوە کردوویەتی بە کوردی، چاپی دووەم، ۱۹۹۰، انتشارات محمدی، سەقز.

ب) دەقی یادداشتنامەکەی شەریف پاشا لە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس (۱۹۱۹)، یادداشتنامە لەبارەی داخوازییەکانی گەلی کورد، وەرگێڕانی لە فەرەنسیەوە فەرهاد پیرباڵ، گۆڤاری «رابوون» ژمارە دوو، هاوینی ۱۹۹۱.

(٤) بیطرفی ایران، مراسلات و مذاکرات متعاطیه بین دولت علیه و دول خارجه از بدو وقوع جنگ بین الملل در سنه ۱۳۳۲ هجری مطابق با ۱۹۱٦ مسیحی، جلد اول، طهران،سنه ۱۳۳٦، مطبعه روشنائی، خیابان علاء الدوله.

(٥) بیطرفی ایران، متمم شش ماهه اول کتاب سبز، طهران، ۱۳۳۷، در مطبعه «کلیمیان» طهران بطبع رسید.

(٦) کتاب سبز، مقدمه: رضاقلی نظام مافی. نشر تاریخ ایران، پائیز ۱۳٦۳ هجری شمسی،

طهران.

(٧) عوسمانی یەکان و بە کرێ گیراوە جل خوارەکانیان ئەیانگوت گوایە «ویلمیلم» ی ئیمپراتۆری ئاڵمان بۆتە موسوڵمان و ناوی «محمد»ی لە خۆی ناوە رۆژ هەتا ئێوارە خەریکی نوێژو خەتمی قورئانە!

(٨) محمد علی خان کوڕی میرزا ابراهیم خان، سەرەک وەزیری کاروباری دەرەوە بالوێزی ئێران لە لەندەن بوو. لە ساڵی ١٣٣٦ کۆچی دا مرد.

(٩) میرزا حەسەن خان کوڕی میرزا یوسف مستوفی الممالک آشتیانی (١٣٥١-١٢٩١ ک) سەرەک وەزیرو وەزیری مالیەو وەزیری «جەنگ»ی ئێران بوو. لە شەڕی یەکەما، بێ لایەنی ئێرانی راگەیاندو لەگەڵ کۆمەڵی ئازادیخوازان تارانی بە جێ هێشت و چوو بۆ «قم» و «کرماشان» و «کمیتەی میللی» پێک هێنا.

(١٠) میرزا حەسەن مشیر الدولە پیرنیا، مێژوونووس و پیاوی سیاسی ئێران (١٣٥٤-١٢٩١ک) سەرەک وەزیر، سەرۆکی مەجلیس، وەزیرو بالوێزی ئێران لە وڵاتانی ئەوروپا.

(١١) عارف قزوینی (١٣٥٢-١٣٠٠ ه.ق)

(١٢) لە باسی راپەڕینەکەی سمکۆو هۆگەلی سەرنەکەوتن و تێک شکانی دا، پێویستە بەر لە هەموو شت، لایەنی لاوازی بزووتنەوەکە سەیر بکرێت و لەم پەیوەندییەدا، بارودۆخی ناوچەو ملە ملەی رووس و عوسمانی و ئێران لەبەر چاو بگیرێ کە ووشیاری و ووریایی زۆرو سیاسەتێکی زیرەکانەی پێویست بوو و بە داخەوە، ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی کورد، ئەم بابەتەی لە ماڵدا نەبوو!

کاتێ ئەم هەل و مەرجە ئەخرێتە پاڵ لاوازیەکانی بزووتنەوەکەو کەسایەتیی سمکۆ خۆی، ئینجا هۆی رمان و شکانی راپەڕینەکەمان بە باشی بۆ دەردەکەوێ. کتێبەکەی «لازاریف» کە پشتی بە زۆر سەرچاوەی دەوڵەتی لە رووسیای قەیسەری بەستووە، ڕووناکی یەکی زۆر ئەخاتە سەر مەسەلەکە و جێی خۆیەتی گرینگایەتی تایبەتی پێ بدرێ. (بڕوانە: م. س. لازاریف، کێشەی کورد ١٩١٧-١٨٩٤، وەرگێڕانی دکتۆر کاوس قەفتان، بەغدا، ١٩٨٩)

هەروەها دەوری «ملە»و مشکی ناوخۆش لەم تێک شکانەدا کەم نەبوو. ڕژێمی تازە نەفەسی پەهلەویکە جێی حکومەتە داوەشاوەکەی قاجاری گرتبۆوە، پاش ئەوەی کەلکی تەواوی لە «خاڵۆ قوربان»ی کوردی هەرسینی (وەزیری جەنگ لە کابینەی میرزا کوچک خانی جەنگەڵی دا ) وەرگرت بۆ دوو بەرەکی خستن و تێک شکاندنی بزووتنەوەی «جەنگەڵ» لە باکووری ئێران، ئەمجار خۆی بۆ سەرکوت کردنی کوردەکان ئامادە کردو «خاڵۆ قوربان»ی بە روتبەی کۆلۆنێلی یەوە نارده سەر «سمکۆ». دیارە خاڵۆ کاری ئەم کەرەتەی هاسان بۆ نەچووە سەرو مزی خۆی لە کوردەکان وەرگرت واتە لە شەڕدا کوژرا.

(١٣) تاریخی بەڵگەنامەکان بە پێی تەقویمی کۆنی ئێران لەسەر حیسابی ساڵی هەتاوی مانگی نووسراون. ئەو تاریخانەی بە شوێنیاندا هاتوون و خراونەتە ناو دوو کەوانەوە (...) خۆم لێم زیاد کردوون و بۆ دیار کردنی تاریخە زاینی یەکان، کەڵکم لەم کتێبەی خوارەوە وەرگرتووە:

«فردیناند ووستنفیلد و ادوارد ماهلیر، تقویمی تطبیقی هزارو پانصد ساله ءِ هجری قمری و میلادی، مقدمه و تجدید نظر از : دکتر حکیم الدین قریشی، طهران، ١٩٨٢ م »

(١٤) گوندێکی کورد نشینە لە مەحاڵی «تەگەوەڕ» شاری ورمێ.

(١٥) فرسەخ یا فوسەنگ = ٦کیلۆمەتر

(١٦) وا دیارە شاری وەک ورمێ وسابلاغ و بانە، نەیانتوانیوە راستەوخۆ پەیوەندی بە تارانەوە بکەن و ئەبوایە راپۆرت و تێلگەرافیان بۆ تەورێز بنێرن. تەنانەت شاری بانە مەجبوور بووە تێلگەرافەکانی بۆ سابلاغ بنێرێ و ئەوان حەواڵەی تەورێزی بکەن.

(١٧) دووهەم شاری گەورەی ئازەربایجانی رۆژئاوایە، کە بەشێکی زۆر لە گوندنشینەکانی کوردن.

(١٨) شارۆچکەیەکە لە دەوروبەری «خۆی» نزیک سنووری تورکیاو خەڵکەکەی کوردن.

(١٩) محمد نقی سەردار رەشید «نایب الایالەی ئازەربایجان، لە ٢٧ی رمضان ١٣٣٥ی کۆچی لە زەنجان کوژرا.

(٢٠) نیازیان لە شێخی هەورامان شێخ حیسامەددینی نەقشبەندی یە.

(٢١) حەمە خان حاکمی بانە کە لێرەدا عەجەم تاوانباری ئەکات بەوەی گوایە «تورک خوا» یە پاشان هەر تورکەکان ئیعدامی دەکەن.

(٢٢) بایز ئاغای مەنگوڕ (؟) و میناغا (=محەممەد ئەمین ئاغا)ی پیران و هەندێ ناوی تر کە لەم بەڵگەنامەیەدا هاتوون سەرۆکی عەشایری دژ بە دەوڵەتی ئێرانن. لەناو ئەم عەشیرانەدا هەر لە کاتی شۆرشەکەی شێخ عوبەیدیللای نەهری یەوە هەستی دژایەتی لەگەڵ ئێران زۆر بە هێز بووە. (×) قوم قەلا دێ یەکە لە باکووری شاری سابلاغ.

(٢٣) حاجی ئێلخانی خۆی و کورەکانی (بایز ئاغاو عەلی ئاغاو...) لە عەشایری دێموکری و سەر بە دەوڵەت بوون. ئەم سوننەتی دەوڵەتخوایی یە، ساڵانی دواتریش لە لایەن «ئێلخانی زادە» و «موهتەدی» و «عەلیارەکانی وەچەی حاجی ئێلخانی یەوە پارێزرا، بەلام لە جیلی تازەیان چەشنێک

گۆڕان لە هەڵوێستا بەرامبەر بە دەوڵەتی ئێران رووی داوەو بە لای خەڵکیاندا شکاندووە.

(٢٤) شارێکە لە ئازەربایجانی رۆژ ئاوا کەوتۆتە سەر رێگای سابلاغ، مەراغە، تەورێز. بەشێک لە شارەکە و زۆرێک لە دانیشتوانی گوندی دەورو بەری کوردن. بەڵام زوربەی خەڵکەکە ئازەربایجانین.

(٢٥) شارێکە لە باکووری ئازەربایجانی رۆژهەلات و داوێنی کێوی سەهەند.

(٢٦) محەممد حسەین خانی سەردار موکری، حاکمی سابلاغ نەوەی عەزیز خانی سەردار کە لە سەرداری بۆکانەوە گەیشتە روتبەی «سەرداری کولّی قشوونی ئێران».

(٢٧) «کروور» یک لە ئێران ئەکاتە نیو میلیون واتە لەگەڵ کرووری هیندی جیاوازی هەیە.

(٢٨) لاجان یان لاهیجان، ناوچەیەک و دەشتێکە لای شاری خانە (= پیرانشار) خەڵکی ناوچەکە کوردن(٢٩) کەڵکی بەگزادان یا ملەی بەگزادان، ملەیەکە لەسەر رێگەی سابلاغ بۆ میاندواو، پێنج کیلۆمەتر لە سابلاغەوە دوورە.

(٣٠) ئەگری قاش یان ئەگریک قاش یا ئیندرقاش، گوندێکە لە دە کیلۆمەتریی باکووری سابلاغ.

(٣١) سوڵتان، روتبەیەکی قشوونی ئێران لە دەرەوەی قاجارەکان بوو، پاشان وشەی «سەروان» لە جێی دانرا= مەیجەر.

(٣٢) ئەبێ نیازی «کالدۆل» لە دەیلەمان شاری سەلماس بێت.

(٣٣) کوڕی شازدە ساڵەی حەمە حسەین خان.

(٣٤) نارەزایی دەربڕین. ئەم وشەیە لە دەقی فارسی یەکەشدا هاتووە.

(٣٥) وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران لە کابینەی:

آ- مستوفی الممالک (فوریە ١٩١٥)

ب) مشیر الدولە (مارسی ١٩١٥)

پ- عین الدولە (مایسی ١٩١٥) دا.